وەزارەتی پلاندانان: ژمارەی هەژاری لە عێراق لە ماوەی ئەمسااڵدا دابەزینی بەخۆوە بینیوە

وەزارەتی پلاندانانی عێراق ئەمڕۆ دوشەممە ڕایگەیاند، ژمارەی هەژاری لە عێراق لە ماوەی ئەمساڵدا دابەزینی بەخۆوە بینیوە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی هەژاریش، پێدانی موچەی تێی پاراستنی کۆمەاڵیەتیە بە هاواڵتیان. عەبدولزەهرا هیندواوی وتەبێژی وەزارەتی پلاندانان ڕایگەیاند، ئەنجامی ڕاپرسی ئابووری و کۆمەاڵیەتی بارودۆخی ژیان کە تایبەتە بە هەژاری، هێشتا دەرنەکەوتووە، چونکە قۆناغی یەکەمی ڕاپرسییەکە لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ئەمساڵ کۆتایی دێت، ئەمەش دوای شەش مانگ لە دەستپێکردنی ڕاپرسیەکە کە لە مانگی تەممووزی ساڵی ڕابردوو، لە کاتێکدا قۆناغی دووەم لە سەرەتای ساڵی 2024 دەستپێدەکات و بۆ ماوەی شەش بەردەوام دەبێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، چاوەڕوانییەکان ئاماژەن بۆ دابەزینی ژمارەی هەژاری لە بەرامبەر پاشخانی ئەو ڕووشۆنانەی لەاڵیەن حکومەتەوە گیراونەتەبەر، لەنۆیاندا تێی پاراستنی کۆمەاڵیەتی، کە بەشداریەکی بەرچاوی کردوە لە پاڵپشتیکردنی دارایی چینە هەژارەکان لەڕگەی باشترکردنی داهات. ئەوەشیخستەڕو، جگە لە الیەنی ئاسایشی خراك، کە بە

بەردەوامی سەبەتەی خراك لەگەی فەمی خراکی مانگانەوە دابەشدەکرێت، کەرەستەی سەرەتایەکانی ژیانی رۆژانە بەتەواوی مسگەر کراون، هەموو ئەمانەش وایانکردوە، دڵخۆشی دڵنیایی بەکاربەر لەناو تاکەکان و بەتایبەت هەژاران دروست ببێت.